دۆلار بەنرخی فەرمی بەحاجیان دەفرۆشێت



بانکی ڕەشید و ڕافیدەین دەستیان کردوە بە فرۆشتنی دۆلار بە حاجیان بە نرخی فەرمی، هەر حاجییەک دو ڕۆژ یان ڕۆژێک پێش گەشتەکەی بۆ سعودیە دەتوانێت بڕی سێ هەزار دۆلار بە نرخی فەرمی بکڕێت، هەر 100 دۆلارەکیش بە 132 هەزار دینار دەبێت.

بانکی ڕافیدەین لە ڕاگەیەنراوەکدا باویکردوە، بە جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی بانکی ناوەندی لە ئاسانکاری پێداکردنی دۆلار بە حاجیان، بانکی ڕافیدەین دەست بە پرۆسەی فرۆشتنی دۆلار بە حاجیان بە نرخی فەرمی دەکات.

لە ڕاگەیەنراوی بانکی ڕافیدەین ئاماژە بۆشکراوە، نرخی هەر 100 دۆلارێک بە حاجیان بڕامبەر بە 132 هەزار دینار دەبێت، هەر حاجییەکیش دەتوانێت بڕی سێ هەزار دۆلار بە یەکجار بکڕێت.
لەلایەکی دیکەوە بانکی ڕەشید ڕایگەیاند، فرۆشتنی دۆلار هەمو حاجیان دەگرێتەوە، جا بە فڕۆکە گەشت بکەن یاخود بە پاس، پێسەکەش لە ڕگەی سکەی